# ئیسلامیەکان دەسەڵات جێناهێڵن

ن/خالدشوکات

و/هێمن مەحمود

ئیسلامیەکان بە چەندین ڕێگا گەشتونەتە دەسەڵات،وەك ئەوەی لەرێگای شۆڕشی جەماوەرییەوە لەئێران ،یان لەرێگای کودەتای سەربازییەوە لە سودان،یان لەرێگای هەڵبژاردنەوە لە فەلەستین،بەڵام ئەوەی دەتوانین لەو روداوانەوە هەڵیبهێنجنین ئەوەیە کە هاتنە ناوەوە داواکراوە بەڵام دەرچون قەدەغەیە.

زۆرێك لەئیسلامیەکان هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ قەناعەتپێکردنی ئەوانی دیکە،چ لەناوەوە بێت یاخود دەرەوە،بەوەی کەوا ئەوان دەتوانن خۆیان لەسیاقی فرەیی تازەگەری دیموکراتیدا بگونجێنن،هەروەها ئەوە کارێکی زاڵمانەشە کە فرسەتیان نەدرێتی وحوکم لەسەر نیازەکانیان بدرێت،واتە لەسەر ئەوەی کە لەوانەیە روبدات نەوەك ئەوەی روودەدات.

بەڵام ئەو نمونانەی کە بزوتنەوە ئیسلامیەکان تاوەکو ئێستا پێشکەشیانکردوە(ئەوانەی کە گەشتونەتە دەسەڵات) ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە نەزعەی شمولی وسەرکوتکەر لە عەقڵ و ویژدانیاندا زاڵە،ئەوانیش وەك ئەوانی دی (ئەو حیزبە ئایدۆلۆژیانەی کە دەڵێن هەمو حەقیقەت لای ئێمەیە) هیچ دەربەست نایەن لە هێنانەوەی سەدەها بیانو بۆ ئەوەی تاوەکو ناکۆتا لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

بزوتنەوەی حەماس بەنمونە،سەرەرای ئەوەی کە هاوڵاتی فەلەستینی لەسایەی دەسەڵاتی ئەودا تاکە رۆژێکی ئاسایی نەدیوە،کەچی ئازارەکانی و برسێتی وئابلۆقەی سەری زیاترکرد.

هەروەها بریارە دەستورییەکانی سەرۆك(عەباس)یشی قبوڵنەکرد،بەڵکو کەوتە روخاندنی بنیایەکانی دەسەڵاتی فەلەستینی وبنیاتنانی بنیایەی سەربەخۆی،کە ئەمەش ئەوەی سەلماند کەپرۆژەیەکی حیزبی نیشتیمانیانە نەبوە کە ئارەزووی ململانێی سیاسی بکات لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا،بەڵکو پرۆژەی دەوڵەتی بەدیل بوە،لێرەشەوەیە کە هەڵبژاردن دەکاتە چاکترین وەسیلەیەك بۆ گەشتن بە دەسەڵات و دروستکردنی دەوڵەتێکی دیکە وکۆمەڵگایەکی دیکە.

ئەگەر (حەماس) نمونەی باڵای بزوتنەوە ئیسلامیەکانی جیهانی عەرەبی و حیزبێکی فەلەستینی نیشتیمانی بوایە ،و لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای فەلەستینیەکان وەك (فەتح) وازی لەدەسەڵات بهێنایە ئەوا نیشتیمانی دەخستە پێش حیزبەوە،بەڵام حەماس ئەوەی نەکرد،و سەلماندیشی وەك چۆن ئیسلامیەکانی (سودان وئێران سەلماندیان) واز لەدەسەڵات ناهێنێت.

ئیسلامیەکانی سودان،هەر لەو رۆژەوەی کە هاتونەتە دەسەڵات ،نەشەرِی ناوخۆ و نەبرسێتی ونەکێشەکان وەهایان لێنەکرد کە واز لەدەسەڵات بهێنن.بەڵکو بەهۆی ئەو هۆکارانەوە زیاتر دەستیان بەدەسەڵاتەوەگرت و ئەو ئایەت وحەدیس وچیرۆکە ئاینیانەیان بۆ میللەت دەگێرِایەوە کە دەسەڵاتداران خودا دایناون و هەر ئەویش لایان دەبات.

لە ئێرانیش بەهۆی شۆرِشێکی ناوازەی جەماوەرییانەوە کە لەمێژووی ئیسلامیدا وێنەی نەبوو،مەلاکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و (ویلایەتی فەیقە) یان خستە سەروو دەستور وسەرۆك کۆمار وهەموو یاساکانی دیکەوە.

(عەلی بلحاج)کە یەکێکە لە سەرۆکەکانی بەرەی رزگاری ئیسلامی جەزائیری ،بەر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1991 کە سوپا هەڵیوەشاندەوە وتی (ئەمە دواهەمین هەڵبژاردنە لەم وڵاتەدا،چونکە ئیتر بەرنامەی خوا حوکم دەکات،و لە حکومی خوداشدا پێویست بەهەڵبژاردن ناکات).

بەدرێژای ئەو هەمو ساڵە زۆرێك لەئیسلامیەکان وتەیەکی وەهایان رەتدەکردەوە،بەڵام براکانیان لە حەماس و سودان وئێران بەبەڵگەی مەلموسەوە راستی ئەو وتەیەیان سەلماند.

سەرچاوە/سایتی ئیلاف

2007/6/30